لیوا یەحیا ڕەسول: لیژنەی باڵای سەربازی عێراق لەگەڵ هاوتاکەی لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کۆدەبێتەوە

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسووڵ، ڕایگەیاند، دوێنێ دووشەممە، هەشتی مانگی نیسان، لیژنەی باڵای سەربازیی عێراق لە بەغدای پایتەخت، لەگەڵ لیژنەی باڵای سەربازیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق کوبووەوە، و هەردوو لیژنەکە تایبەتن بە کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسوڵ عەبدوڵڵا لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" لە میانی کۆبوونەوەکەدا، کارەکانی لیژنە لاوەکییەکان لە سەرەتای دەستپێکردنیانەوە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤تاوتوێ کران، و هەڕەشەی باندە تیرۆریستییەکانی داعش هەڵسەنگێندرا، لەگەڵ ژینگەی ئۆپەراسیۆنەکان و دۆخی ئەمنی ئێستا و تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق.“

ئە ندامانی هەردوو لیژنە سەربازییە کە ستایشی ئەو دەستکەوتە و قوربانییانەی کردووە کە لە شەڕەکانی تێکشکاندنی داعش دراون و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ ڕێگریکردن لە گە ڕانەوەی ئەو باندە تیرۆریستییە بەرزنرخاند، هەروەها پاڵپشتیکردنی سەروەریی و یەکڕیزی و سە قامگیری عێراقیان دووپات کردەوە.

هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق توانای شکستپێهێنانی داعش هەیە،

هەروەها جەختیان لەوە کردەوە، ”لیژنە لاوەکییەکان بەردەوام دەبن لە کارەکانیان بۆ خستنەڕووی هەڵسەنگاندنەکان بۆ لیژنەی باڵای سەربازی بۆ پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر خشتەی کاتی گواستنەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بۆ دامەزراندنی هاوبەشییەکی ئەمنی دوولایەنە لە نێوان عێراق و ئەمریکا کە بەشدار بێت لە بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و کارکردن بۆ پەرەپێدانیان، بەشێوەیەك کە سەقامگیری و ئاسایشی عێراق و ناوچەکە بەهێزتر بکات.